

**لاسەنگی بەرنامەی تەلەفزیۆنی، نموونە کوردسات**

گەشاوە جاف

تیوریەکانی میدیا ئاماژەیان بەگرنگی و کاریگەری ڕاستەوخۆی میدیاداوە لەسەر مرۆڤەکان بەگشتی و هەڵسوکەوتیان بەتایبەتی لەبەر ئەوەی میدیا ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی مرۆڤەکان دەکات لەرێگەی بەرنامەکانیەوە وە لەم ڕێگەیەوە فکر و باوڕیان تەلقیح دەکات هەرجەند مرۆڤەکان هەست بەکاریگەریەکەی لە کاتێکی زوودا ناکەن بەڵام لەبەر ئەوی میدیا ئامانجێکی تایبەتی هەیە کە ئاڕاستەی بینەرەکانی دەکات کاریگەری دەبێت لەسەر مرۆڤەکان بەبێ خواست و  ئاگاداری خۆیان.

هەر بۆیە ئەوانەی کە لە بواری میدیادا کاردەکەن دەبێت بزانن کە چۆن بۆچی بەرنامەکانیان ئامادە دەکەن پەیامیان چییە بۆ بینەرەکانیان بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بەتایبەتی دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە کاری تێدا بکرێت و بزانیت کە ئاراستەی ج جینێکی کۆمەڵگای دەکەیت وە پێش بینی بکرێت لەلایەن ئامادەکاری بەرنامەکانەوە خۆی وەک بینەرێک پێش پەخشکردنی بەرنامەکە سەیری بکات و سەرەنجی بدات بۆ ئەوەی بزانێت کە پەیامەکەی گەیاندوە لە هەمووی گرنگتر  هاوسەنگی بەرنامەکەیە  پێشوەخت لەلایەن کادرانی میدیاکاری کەناڵەکەوە ئەو پرسیارە بکەن ئایا بەرنامەکە هاوسەنگە لە هەموو ڕویەکەوە ؟ بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی لاسەنگ نەبێت دەبێت پیا چوونەوە بکرێت بە ناوەڕۆکی بەرنامەکەدا بەتایبەتی ، ئەو ووشانەی کە پێشکەشکار بەکاری دەهێنێت گوزارشت دەکات لە بۆچوونێک یان ئامانجێک دەبێت ڕەنگدانەوەی هەبێت لە خوودی بەرنامەکەدا گەر وجودی نەبوو کەواتە بەرنامەکەت لاسەنگە ئەکرێت بڵێین کە زانیاری نادروست دەدرێت بە بینەرەکان لە هەموو بەرنامەیەکدا دەبێت ئەگەر کەمیش بێت بتوانیت ڕاستگۆیی رەنگ بداتەوە ووشەکان بتەوەێت و نەتەوێت بینەر گوێ بیستی دەبێت لەبەر ئەوە دەبێت ڕێز لە بینەرەکانت بگریت کرداریان هاوشانی ووشەکانت پی نیشان بدەیت،ئەگەر بمانەوێت لەرێگەی بەرنامەکانمانەوە بینەر بۆ کەناڵە زیاد بکەین.

لەبەر  هەم هێنانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی یان راپۆرت یان دۆکیومەنتەری ئەبێت ئەوانەی کاری تێدا دەکەن زۆر بەئاگابن لە هاوسەنگی بەرنامەکە لەلایەنی چەندێتی و چۆنێتی و ناوەڕۆکی بەرنامەکە هەروەها ئاڕاستەی چ چۆرە بینەرێکی دەکات مەبەست لە هاوسەنگی یەتی لە هەموو لایەنیکەوە هەتا دانیشتنی بێژەران و میوانەکان دەبێت بەهاوسەنگی رابگیرێت بۆیە چاوی بینەرەکان بەهاوسەنگی دیمەنەکان ببینن. هەروەها لاسەنگی بەرنامە دەکرێت روونەدات لە کاتێکدا کە پلانێکی تەواو دانرابێت پێش وەخت  هەموو لایەنەکانی پەیڕەوو و پرۆگرامەکە لێکدرابێتەوە بەگشتی حساب کردن بۆ بینەرەکانت وە گەر هەست کرا بۆ نموونە ووتارەکەت دەبێتە هۆی ئەو ڵاسەنگی یە ئەکرێت ئامادەکار و پیشکەشکارەکان دەرهێنەری لێ ئاگادار بکە و ە هەوڵبدریت کە پێشەکیەکە بگۆڕدرێت بەتایبەتی ئەم کارە بۆ بەرنامەی ریکۆرد کراو ئاسان ترە وەک لە بەرنامەی ڕاستەوخۆ  هۆکاری ئەم گۆڕانکاریە وەها دەکات بەهای بەرنامەکە لەدەست نەدەیت هەروەها بینەرەکانت تووشی گومان نەکەیت چونکە ئەگەر گومانیان پەیداکرد کەواتە بەرنامەکەت پەیامەکەی نەگەیاند و هەروەها دەروونی بینەرەکانت

شێواندوه چونکه خەڵکان که سەیری بەرنامەی تەلەفزیۆنیدەکەن هەریەکە لەبەر هۆکارێکە بۆ نموونە هەیە بۆ بیرچوونەوەی قورسیەکانی ژیانی ڕۆژانەی یان بۆ گوزەراندنی کاتێکی خۆشە ،هەندێک بۆ فێربوونی شتی نوێ سەیر دەکەن بینەرەکان زۆرن هەریەک بەهۆی تایبەتمەندیەکەوە کاتەکانی خۆی بۆ سەیر کردنی بەرنامەکان سەرف دەکات ،لەبەر ئەوەی بینەرەکان کاتی خۆیانت پێ ئەدەن ئەبێت ناوڕۆک و هاوسەنگی بەرنامەکەت لەئستی داواکاریەکانی ئەواندا بێت چونەک هەموومان دەزانین کە بە بێ بینەر ئاستی باشی و خراپی بەرنامەکان دەرناکەون.

ئەگەر لێرەدا باسی ئەو بینەرانە بکەین کە دەیانەوێت لە ڕیگەی بەرنامەکانەوە فێری شتی نوی بن ،هەردەم چاوەروانن کە داهێنانی تازە لە کەناڵەکانەوە ببینن و ئەو کەناڵانە بکەنە سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیاری نوێ و دروست بۆیە ئەم چینە لە بینەر کاری بەرهەم هێنەران و ئامادەکارانی بەرنامەکان قورستر دەکەن بۆ بەدەست هێنانی بڕوایان پێویستیان بەکاری زیاتر گەران بەدوای سەرچاوەو بابەتی نوێ دا تا بتوانن بینەرەکان ڕازی بکەن بەو ئامانجانەی کە بەرنامەکە هەیەتی پەیامەکەی دەبێت لە ئاست داواکاریەکانی ئەم کەسەکاندا بێت .هەروەک دەزانین بۆ بەدست هێنانی بڕوای بینەر پێویستمان بە زۆر لایەن هەیە کە کاری تێدا بکەین بەتایبەتی لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنیدا بۆ نموونە دەستپێکی کردنەوەی بەرنامە سەرەتای سەرکەوتوو وەها دەکات کە مرۆڤەکان ئیدامە بدەن بە سەیرکردن و هەروەها چێژ وەر بگرن لە بەسەر بردنی کاتەکەیان ،هەروەها ستودیۆکە دەبێت بەشیوەیەک بێت کە چاوی بینەرەکانی ڕاکێشێت بۆ لای خۆی دوور بێت لە دووبارە بوونەوە مەبەستم لێرەدا بۆ هەر بەنامەیەک دەکرێت سێتێکی جیاوازت هە بێت جونکە دووبارە بوونەوەی سێتەکە بینەرەکان تووشی مەلەل دەکات هەر جەند بەرنامەکە جیاواز بێت بیرو هزری بینەر لەلای ناوەڕۆک نامێنێت ئەوەندەی مێشکی مەشغوڵ دەبێت بە بەرنامەکانی کە لەو شوێن و سێتەدا پێشکەشکراون بۆیە گەر شوێنەکەش هەمان ستودیۆبێت دەکرێت گۆڕانکاری لە شیوازی دیزانیەکەیدا بکرێت هەروەها شوێنی دانیشتنەکەش دەبێت جیاوازتر لە دیزاینی بەرنامەکانی پێشووتربێت،لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەر بەرنامە دەبێت لەلایەن بینەرەکانیەوە بناسرێتەوە مەبەست لێرەدا ئەویە کە بۆ نموونە گەر بەنامەی (ئەلف) لەم شوێنەدا بەرهەم هات و لە میشکی بینەرەکانیدا چەسپا دەبێت لە بینەری نەشێوێنی بۆ بەنامەی (بێ) هەر هەمان شیوە دابنێت شوێن گۆڕکی کردن بەدیزاینەکەیەوە دەبێتە هۆکاری ئەوە کەبۆ بینەران زیاتر سەرەنج ڕاکێش بێت ،جونکە دووبارە کردنەوەی سێتەکە لەوانەیە لەلایەنی ئابووری سوود بە کەناڵەکە بگەیەنێت بەلام لەلایەنی بینەرەوە خەسارەتی لێدەکەوێت و دەبێتە هۆی تۆرانی بینەر لە بەرنامەکانی کەناڵەکە.

جموجوڵی کامێراکان لیرەدا زۆر سادە دبنەوە چاوی بینەر ڕاهاتوە بە کارەکانیان جونکە هەمان شوێن و زاویە بەکار دەهێنن کە سەرەنج ڕاکێش نابێت ،چونکە کامێراکان لەبری چاوی بینەر کار ناکەن بگرە بەپی شوێنی جوڵەی خۆیان کاردەکەن هیج شیویەک لە کاری هونەی بەکار کامێراکانەوە دیارنابێت لێرەدا توانای کەسانی کامێرا کانیش لە قاڵب دەدرێت دەکەونە بەر ڕەخنەی بینەرەکان جونکە بەهۆی جوڵەی کامێراوەیە دەتوانیت سەرەنجی بینەر ڕابکێشیت بۆ خۆت ئەمە بێجگە لە ڕووناکی و موزیک و کاری دەنگ کە هەر یەک لەمانەش تایبەد مەندی خۆیان هەیە گاریگەریان لە سەر کەوتنی بەرنامەیەکدا بە ئاشکرا دیارە جونکە هەریەکەیان تەواوکەری بەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی سەرکەوتوون.

لەبەر ئەوەی باسەکەم زیاتر لەسەر هاوسەنگی بەرنامەیە لەبەر ئەو هۆکارە زۆر بە قوڵی ناچمە ئەو بەشانەی تر بۆ نموونە کامێرا رووناکی موزیک وکاری دەنگ ،ستۆدیۆ شیوازی دانیشتن کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداون بەکورتی.

زۆربەمان لەم ڕۆژانەی پێشوودا بەرنامەی ساڵیادی دوانزە شالەی کەناڵی کوردساتمان بینی ،وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ یان بەرنامەکە بووە هەوێنی ئەم بابەتەم وەک ڕۆژنامەنووسێک و دەرچووی بەشی میدیا ،ئم سەرەنجانەم لەلا دروست بوو کە دەکرا دوای دوانزەساڵ لە ئەزموون ئەکرا

ئامادەکاران و دەرهێنەران هەوڵ و کۆششی زیاتریان بکردایە بۆ ئەوەی نیشانمان بدەن کە کەناڵی کوردسات دەنگ و ڕەنگی هەمووانە بەتایبەتی کە زۆر جەخیتان لەسەر دەکردەوە لە کاتی پێشکەش کردنی بەرنامەکەدا لە کەناڵی چوار پارچەی کوردستانە بەلام لەدوای بانگەوازکردنی میوانان گوومان لەلای بینەر دروست بوو وە بەتایبەتی کە هەستت دەکرد ئەوی کە بانگەوازی بۆ دەکەن بەس خۆی لە دوو پارچەی کوردستان دا دەبینیەوە لە باشووریش بەس لە چوارچێوەی سلیمانی نەترازابوو چونکە میوانەکان هەر هەموو لە سلیمانی ژیان بەسەر دەبەن بێجگە لە ( کانی و کمال محمد و نجەی غوڵامی ) لیرەدا لاسەنگی بەرنامەکە بەروونی دیارە کە بەهەر هۆیەک بێت بیر لە پارچەکانی تری کوردستان نەکرا بویەوە ،بۆ نموونە کوردستانی باکوور هەروەها کوردستانی ڕۆژئاوا ،هەرچەند هەوڵ درابوو لەلایەن بێژەرە بادینیەکە و یەک گۆرانی بادینیەوە هاوسەنگی ڕابگیرێت بەلام ئەو شێوە تاکتیکە سەر کەوتوونابێت بۆ بەرنامەیەک کە یادی دامەزراندنیەتی لە توانایدا نەبێت دوو هۆنەرمەندی باشەکانیتر بانگێشت بکات متمانەی بینەرەکانی ئەو بەشانەی لەدەست بدات لە هەمووی گرنگتر ئەو ووشانە بوو کە بێژەر سروەی خۆشپەیام بەکار هێنا لە کاتی بەرنامەکەدا ووتی'هیوادارم لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بەرنامەی لەم شێوەیە بکەین' بە بڕوای ئەم خانمە بەس کوردستانی ڕۆژهەڵات بینەری ئەم کەناڵەن ئەوەی حسابی بۆ نەکرد بینەرەکانی بەشەکانی تر بوو.

لەودێرەی کە بێژەرەکان دەیان ووت' کوردسات دەنگ و ڕەنگی هەمووانە' ناهاوسەنگیەکیتری نیشان دەداین ئەویش لەبیر کردنی ئەو هەموو دیالیکتە جیاوازەی زمانی کوردی کە چەندەها گۆرانی بەو دیالێکتانە چڕاوە بوونی نەبوو هەتا بەرنامەکە ئاڕاستەی شوێنەکانیتری کوردستانی باشووریش نەکرابوو گوی بیستی هیچ یەک لە دەنگ وزاراوە و موزیک و لاوک و حەیرانش بوونی نەبوو بۆ هاوسەنگ کردنەوەی بەرنامەکە،بۆنموونە دەکرا لە هەر شارێک هونەرمەندێک بانگەش بکرایەلە جیاتی کۆکردەنەوەی ئەو هەموو هونەر مەندەی یەک شار کە سلیمانی بوو هەرچەند محمد رووف کەرکوکی هەر دانیشتووی سلیمانیە لەسەر سلیمانی حساب دەکرێت ،بۆ ئەو ماوە زۆرەی کە دوو کاتژمیر و نیو بوو دەکرا بیرۆکەی ناوازەتر پێشکەش بکەن وە هەر جارە بە برگەی جیاواز خاڵە سەرکەوتوەکان و خاڵە لاوازەکانی ئەم کەناڵەیانبە بینەرەکانیان ئاشنا بکردیایەوە باس لە پلانی داهاتووی ئەم کەناڵە بکرایە لەلایەن میوانان بەتایبەتی هەروەک خۆیان زۆر ئاماژەیان پێدەدا کە خزمەتی هونەری کوردی دەکات وەرگرتنی بیرو بۆ جوونی هونەرمەندان بۆ داهاتووی کەنالەکە و بەرنامە هونەریەکان. بەڵام بەداخەوە ئەوی بیری لێنەکرابویەوە ئەم لایەنانەبوو هەروەها لە کاتی سەیرکردنی بەرنامەکەدا هەستت بەوە دەکرد بەس ویستراوە کاتێک پڕبکەنەوە بە بۆنەی یادی دامەزراندنی ئەو کەناڵە ئیتر هەر چۆن بێت گرنگ ئەوەیە بەرنامەیەک هەبێت هیوادارم کە بەم شیوەیە کار نەکرابێت چونکە لەدەست دانی متمانە لەلایەن بینەرەوە زۆر ئاستەمە بۆ کەنالەکان بە گشتی لەهەر شوێنێکی ئەم زەمینەدابن .بەتایبەتی لە باشووری کوردستیان کە جەندەها کەناڵی جیاجیای هەیە هەموو لەهەوڵی ئەوەدان کە بینەرەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن بە بەرهەم هێنانی بەرنامەی بەپێزو هەروەها بەهێز.

لێرەدا چاوپیکەوتنەکەی د. سامان فەوزیم هاتەوەیاد کە بۆ سالیادی دوانزەسالە کوردسات بیرورای وەرگیرا لەلایەن بێژەر گۆران ئاغاجان ئەو ووتی'کوردسات دەبێت لە چوار جێوەی سلیمانی دەرچێت و خۆی بگەیەنێتە ناوچەکانی تریش بەتایبەتی ناوچە دابڕاوەکان '. لە بەر ئەوەی کوردسات کەناڵیکە لە کەناڵەکان و بێنەری خۆی بۆ زیتر بەرو پێش بردنی ئەم کانالە دەبێت ئامادەکاریەکان زۆر لەوە زیاتر بن کە بینەر چاوەڕوانی دەکات هەوڵبدرێت ببێتە دەنگ و رەنگی ڕاستەقینەی هاوڵاتیان و دروست کردنی پردی پەیوەندی ڕاستەو خۆ لەگەڵ بینەرەکانی برەودان بە کارمەندەکانیان بۆ بەر هەمهێنانی بەرنامەی بەسوود و ناوازە بۆ سەرجەم کوردستان رەنگدانەوەی بەشەکانیتریش لەم کەنالەدا هیوادارم کە بەرنامەکە سەیر بکەنەوە لەو خاڵانە بروانن وەک بینەرێکی بەشەکانی تری کوردستان هەستیان پی بکەنی کە بە هەر هۆیەک بێت نابێت هەتا شوێنەکانیتریش لە یاد بکرێت چونکە کەناڵی کوردسات بۆ هەموو کوردە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بۆ یە دەبێت زۆر بە زیرەکیەوە کار بکرێت لە

ساڵیادەکاندا بە هۆی چەند هەڵەیە کەوە بینەر لەخۆی نەتۆرێنیت و لە ڕێگەی یادکردنەوەیەوە زانیاری و پرۆگرامی نویێ پیشکەش بکات کە ببێتە هۆی بنیاد نانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست پڕزانست چونکە میدیا بەوریایەوە کاری تێدا نەکەیت بەرەو هەڵدێرت دەبات و ناتوانی متمانەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەدەست بهێنیت.هەروەها ئەو کارێگەریە پۆزیتیفەی نابێت لەسەر تاکەکان بگەرە بە پێچەوانەوە فیری کرداری نێگەتف دەبن کە ئەویش کاری کەناڵەکانە بۆ ووشیار کردنەوەی تاکەکان بە بابەت و پرۆگرامی ڕۆشنبیری هەوڵبدەن جوانی میدیا بگەیەننە بینەرەکانیان بەتایبەتی تەلەفزیۆن کە لە هەموو جانرەکانی تری میدیا کاریگەری هەیە لەسەر تێکرای مرۆڤەکان.

لەندەن / 2012/1/3

گەشاوە جاف